# پێشەکی

کەرکووك یەکێکە لەم شارانەی کوردستان هەر لە دێر زەمانەوە کێشە سیاسییەکەی کۆتایی نەهاتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەند بوونی ئەم شارە لە رووی ئابووری و بازرگانیەوە، هەروەها دەوڵەمەند بوونی بە کانزای نەوت.

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی وەکو سانجەقێك کارگێریەکەی سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە، لە هەمان کاتدا ویلایەتی شارەزوور بە ویلایەتی کەرکووکیش ناونراوە، تا لەگەڵ ویلایەتی زور جیابکرێتەوە، هەروەك لە بەڵگەکاندا ئاماژەی پێ دەکەن. لە رووی کارگێریەوە ناحیەکانی لیوای کەرکووك لە ناحیەکانی: کۆپری، مەلحە، شوان، داقوق، کیل پێك هاتبوو، هەرچی ئەم قەزایانەی کە سەر بە سانجەقی کەرکووك بوون پێك دەهات لە قەزاکانی: رواندز، هەولێر، سەڵاحیە، کۆی سانجەق، رانیە.

لە شوێنە دێرینەکانی کەرکووك؛ قەڵای کەرکووك ١٠ مەتر بەرزیەکەیەتی، دیار نییە لەلایەن کێ و لە چ مێژووییەك بونیاد نراوە، بەڵام لە دیوارەکانی بۆیاغێکی تۆخ هەیە و شوێنەواری خەتی کوفی لەسەری دۆزراوەتەوە، دەردەکەوێت شوێنەواری ئیسلامیەکان بێت، لەلای رۆژهەڵاتی کەرکووك لە دووری ١٥ خولەك و شێوەی چوارگۆشە هەر گۆشەیەکی ٥٠ مەتر درێژی و پانی کلیسایەك هەیە، ١٥ مەتر بەرزیەکەیەتی و لە قوری خام و ناوەوەشی واتە ژوورەکانی بە قور و کا دروست کراوە، حەسارەکەی کە بەرزیەکەی ١٥ مەترە لە خۆڵی خام ناوەوەشی واتە ژوورەکانی بە قور و کا دروست کراوە، چ حەسارەکە و چ ژوورەکانی کە لە قور دروست کراوە، نازانرێت لە چ مێژووییەك و لەلایەن کێ و لە چ سەردەمێك دروست کراوە، بەڵام بە تێروانین لە روایەتی مەسیحیەکان ئەوا لە ژوورەوەی مەزاری هەندێك پێغەمبەرانی تێدایە، کردوویانەتە مەزاری خۆیان، ١٢ کاتژمێر دوور لە کەرکووك و لە بەشی باشووری رۆژئاوای مەزاری ئیمام ئیسماعیل هەیە، لە تەنیشت ئەویشەوە شوێنەواری شارێکی وێران هەیە، شاری ناوهاتوو ٢٥ مەتر بەرزیەکەیەتی و لەسەر ٣ پێ منارەیەك بونیاد نراوە، جامعێکی نوێ کە لە مێژووی ٢٢٠ دروست کراوە، بەڵام قوببەی ناوەراستی کەمێك وێران بووە.

لەلایەکی تر مەزاری پیاوچاکان و پێغەمبەران بەرچاو دەکەوێت؛ لە مەرکەزی لیوا مەزاری دانیال و عوزێر پێغەمبەر هەیە، لە شێخەکانیش قەنبەر عەلی و پەنجە عەلی و لە ئەهلی بەیتیش ئیمام قاسم و ئیمام محەمەد لەگەڵ حوسێن لە سەیدی بەرزنجیەکان شێخ محیەددین و شێخ ئەبو علوك و مەلا محەمەد و شێخ ئەحمەد و شێخ عەبدولرەحمان و تاڵەبانی و شێخ شەمسەددین و نادر و تۆپاڵ عوسمان پاشا کە لە شوێنی شام شەهید کرا، جگە لەمە ئیمام زەینەلعابدین و ئیمام ئیسماعیل و سوڵتان ساقی و سوڵتان مەوجود و کۆسابابا و شێخ بەحری و عومەر مەندان و شێخ عەبدولقادر بەرزنجی.

لە رووی کانزاشەوە دەوڵەمەند بووە، هەروەك لە سەرچاوەکانی عوسمانی ئاماژەی پێدەکەن، لەلای باشوور، چیای حەمرین و ناحیەی توزخورماتو کانزای خوێ هەیە و لەم کانزایە زۆر دەوڵەمەند بووە، لەلای رۆژهەڵاتیشی کانزای نەوت هەیە کە لە ٥ تا ١٠ سەرچاوە پێك دێت و ساڵانە ١٠٠ هەزار قیە نەوت بەرهەم دەهێنێت، لە ناحیەی کیل چەند بیرە نەوت هەیە، ئەویش لەلای میریەوە بەرێوە دەبردرێت، ئەم گازەی لە بیرە نەوتیەکان دەرهاتوون، پێداویستی دانیشتوانی کەرکووك و دەوروبەر و عەشیرەتەکان بە زیادەوە دابین کردووە، هەروەها ئاماژەی پێکردووە ئەگەر بێتو بەرهەم بهێنرێت ئەم کاتە گومانی تێدا نییە پێداویستی گازی نەوتی ویلایەت بە تەواوەتی دابین دەکات، جگە لەمە ئەگەر بێتو هەناردەی دەرەوەی ویلایەت بکرێت ئەم کاتە بۆ سامانی گشتی زۆر بە سوود دەبێت و هاوکار دەبێت.

بەهۆی بوونی بەڵگە و دەستنووسێکی زۆر سەبارەت بەم شارەوە ئەو بەڵگانەی دەستمان کەوت، لە دوو بەرگدا واتە بەرگی (١١) و (١٢) کۆمان کردەوە، هیواداریین خوێنەران و توێژەران سوود لەم بەڵگانەوە ربگرن، بەم رێگەشەوە توانیومانە خزمەتێکی بچووکی مێژووی شاری کەرکووك بکەین.

د. نەوزاد یەحیا باجگر
سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان



İE.AS.00034.03066.001

| İE.AS | 00034.03066 | 1 زيلحيجه 1115 |
| --- | --- | --- |
| لـە ناحیـە و سـانجەقی کەرکـووك، گونـدی داقـوق و ئەوانـی تـر مـوراد زەعامەتێکـی ٢٤ هـەزار ئاقچـە بەڕێـوە دەبـات، بـەڵام دوای کۆچکردنـی ناوبـراو زەعامەتەکـە بـێ خـاوەن ماوەتـەوە، هەروەهـا بـە گوێـرەی پێویسـت خزمـەت ناکرێـت، بۆیـە بەنـدە عەلـی شـایەنی ئەوەیـە ئـەم زەوییـەی پـێ بدرێـت، ئـەم ٢٤ هـەزار ئاقچەیـە دوای مردنـی باوکـی بدرێتـە کوڕەکـەی بـە نـاوی عەلـی، تـکا کـراوە ئـەوەی ماوەتـەوە فەرمـان بـۆ جەنابـی میهرەبانـە. | | |



AE.SAMD.III.00052.05218.001

<table>
<tr><td>AE.SAMD.II</td><td>00052.05218</td><td>1 سەفەر 1124</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە سانجەق و ناحیەی کەرکووك لە گوندی بولوە و ئەوانی تر ٣ هەزار ئاقچە لەلایەن بەندە ئیسماعیل بەڕێوە دەبردرێت، کەسێك بە ناوی عەلی بێ کێشە ناوەستێ و لە پێش پارێزگاری بەغداد ئیسماعیلی بە ناحەق دەرهێناوە و ئەم سەنەدانەی کە لە دەستی عەلییە لە کاتی بەرز کردنەوە ئیسماعیلیش سەنەدی بەرز کردۆتەوە، بەڵام دووبارە لە کاتی بەرزکردنەوە عەلی ووتوویەتی سەنەدەکانم وون کردووە، بۆیە تیماری ناوهاتوو بە گوێرەی پاکانە بدرێتەوە ئیسماعیل، بۆ ئەمەش نووسراوی بە زانیاری دراوەتە سەروو، بریار و فەرمان بەرز بکرێتەوە، سەرەتایی سەفەر ١١٢٤.<br>بەندە یوسف پارێزگار ویلایەتی شارەزوور</td></tr>
</table>




AE.SABH.I.00038.02804.001

| AE.SABH.I | 00038.02804 | 1 رەبیعی یەکەم 1187 |
| --- | --- | --- |
| لـە سـانجەقی کەرکـووك ناحیـەی داقـوق گونـدی بەسـاس و ئەوانـی تـر عەلـی وەلـەدی عەبدوڵـڵا بـە ٣٠ هـەزار ئاقچـە تیمارێـك بـە شـێوازی زەعامـەت بەرێـوەی دەبـات، بـەڵام بـە هـۆی مردنیـەوە زەوییەکـە بەبـێ خـاوەن و خاڵـی ماوەتـەوە، بۆیـە بـە پاکانـەی ئەسـتۆ بدرێتـە مولازمـی بلـۆك سـەید محەمـەد تەیـار وەلـەد سـەید عەبدولرەحـمان، تـکا دەکرێـت ئـەم پاکانـەی عالیشـانی پـێ بدرێـت، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە سـەرەتای مانگـی رەبیعـی یەکـەم سـاڵی ١١٨٧ نووسراوەتـەوە.<br>بەندە میری ئاڵای کەرکووك | | |



AE.SABH.I.00198.13252.001

| AE.SABH.I | 00198.13252 | 1 شەعبان 1190 |
|---|---|---|
| بۆ موشیرەتی ئەدەنە<br>لـە سـانجەق و ناحیـەی کەرکـووك تیـماری مەتار و ئـۆرە حەریر و ئەوانی تر بـە ۱۰ هەزار ئاقچە لەلایـەن بەکر وەلەدی حوسـێن بەرێـوە دەبردرێـت، بـەڵام ئـەم پاکانـەی کـە وەریگرتـووە وون بـووە، داوا لـە سـەروو دەکەین دووبـارە تیماری ناوهاتـوو بـە پاکانـەی عالیشـانی بدرێتـەوە بەکـر وەلەدی حوسـێن، بۆ ئەمەش نـووسراوی بە زانیـاری نێـردراوە، بریار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات، لـە سـەرەتای مانگـی شـەعبان سـاڵی ۱۱۹۰ نووسراوەتـەوە.<br>میری ئاڵای کەرکووك | | |



AE.SABH.I.00129.08713.001

<table>
<tr><td>AE.SABH.I</td><td>00129.08713</td><td>20 رەبیعی کۆتایی 1192</td></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ موشیرەتی لەشکری عیراق و حیجاز و جەنابی پاشای سەر عەسکەر<br>لــە وەقفــی مەزرەعــەی یارولــی مالکانــەی ســانجەقی کەرکــووك ڕۆژانــە ٦ ئاقچــە وەکــو ئــەرك وەردەگرێــت، لــە جامیعــی شــەریفەی جەنابــی حەســەن مەکــی بــە پاکانــەی عالیشــانی بانگــدەرە، بــەڵام مــەلا حەســەن کۆچــی دوایــی کــردووە، شــوێنەکەی بــە بەتاڵــی ماوەتــەوە، بەمــەش ئەرکــی ناوبــراو پێویســتە و کەچــی پەکــی کەوتــووە، مــەلا محەمــەد لــە خانــەدان و نــاسراو بــە دەنــگ خــۆش شــایەنی ئــەم ئەرکەیــە هەروەهــا زیانــی نییــە، تــکا دەکرێــت ئەرکــی ناوبــراو بدرێتــە مــەلا محەمــەد لــە دەستیشــی پاکانــەی عالیشــانی دارایــی پــێ بدرێــت، بــۆ ئەمەش نــووسراوی زانیــاری بــۆ ســەروو نێــردرا، لــەم بابەتــەدا فەرمــان پێویســتە، لــە مانگــی موحــەررەم ســاڵی ١١٩٢ نووسرایــەوە.<br><br>بەندەی داعی بۆ دەوڵەتی عوسمانی سەید عەبدوللەتیف مەولای خەلافەت لە شاری کەرکووك</td></tr>
</table>




AE.SABH.I.00123.08317.003

<table>
<tr><th>AE.SABH.I</th><th>00123.08317</th><th>12 شەعبان 1201</th></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>لە سانجەقی کەرکووک ناحیەی داقوق گوندی لاسون و ئەوانی تر بە شێوازی زەعامەت ٢٥ هەزار ئاقچە موسا وەلەدی عەبدولرەحمان زەوی کشتوکاڵی بەرێوە دەبات، بەڵام لەسەر داوای خۆی و بە رەزامەندی خۆی رادەستی مولازمی بلۆك عەبدوڵلا وەلەدی سلێمان دەکات، ناوبراو عەبدوڵلا وەلەدی سلێمان ئەسپ سوارە و لێهاتووە خاوەن بەزەیی و بە ویژدانە، بۆیە پاکانەی عالیشانی لە موسا وەلەدی عەبدولرەحمان وەربگیرێت و بدرێتە عەبدوڵلا وەلەدی سلێمان، بۆ ئەمەش فەرمانی عالیشانی راگەیەندراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمان دەردەکات، لە ناوەراستی شەعبان ساڵی ١٢٠١.</td></tr>
</table>




AE.SMST.III.00041.02901.001

| AE.SMST.III | 00041.02901 | 20 زیلقەعدە 1271 |
|---|---|---|
| جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>بۆ جەنابی بە ویژدان و بە میهرەبانی سوڵتانم<br>داواکاری بەندەتان ئەوەیە لە سانجەق و ناحیەی کەرکووك لە گوندی چەریکلو و ئەوانی تر تیمارێکی ١٠ هەزار ئاقچە بەرێوە دەبات، عەبدولعەزیز وەلەدی عەبدوڵڵا کۆچی دوایی کردووە و بەبێ کورە، تیماری ناوهاتوو نانی بابوباپیرانی ئەم بەندەتانە، لەگەڵ ئەمەی زۆر شایستە و شایەنیەتی، بەڵام بوێری ئەوەم کرد داواکاری بەرز بکەمەوە بۆ نانی باب و باپیرانم لەسەر پاکانەی عالیشانی وەستاوە، بریار و فەرمان لە جەنابی بە میهرەبانی سوڵتانمەوەیە.<br>بەندە محەمەد | | |




A.}AMD 00086.00019.001


<table>
<tr><td>29 زیلحیجه 1274</td><td>00086.00019</td><td>A.AMD</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>نووسراوی سەدری ئەعزەم<br>لـە هەمـان قـەزای کەرکـووك، لـە گەرەکـی زاویـەی عولیـا مەسـجیدی مـەلا محەمـەد کـوردە ئیمامەکـەی بـە نـاوی مـەلا محەمـەد مـردووە، بـۆ ئیمامـی ناوبـراو لـە داهاتـی بۆیەخانـە ڕۆژانـە ٥ قوروشـی بـۆ براوەتـەوە، نیـوەی ئـەم پارەیـە مانگانـە ٧٥ قـوروش لەگـەڵ دابینکردنـی ئـەرك بـۆ کـوڕی ئیمامـی ناوبـراو بـە نـاوی مـەلا ئەحمـەد ببڕێتـەوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


A.}MKT.MVL.00135.00013.001

| A.MKT.MVL | 00135.00013 | 7 جەمادی یەکەم 1278 |
| --- | --- | --- |
| بۆ قائیمقامی شارەزوور جەنابی تەقیەددین پاشا و نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>شارۆچکەی توزخورماتو سەر بە سانجەقی زەنگباد بەرێوەبەرایەتیەکەی ماوەی ٧٤ ساڵ دەبێت لە ژێر کارگێری مولتەزیمەکانەوە بەرێوە دەبردرێت، ئەم جۆرە بەرێوەبەرانە لەلایەن مولتەزیمەوە بەرێوەببردرێت دژی یاسا و پێچەوانەی نیزامە، هەروەها بەرێوەبەرایەتی ناوهاتوو ٥٠٠ قوروش مووچەی هەیە، بۆیە شارۆچکەی ناوبراو بە کەفالەت و سوێند خواردن بەم برە مووچەیەوە لە ساڵی ٧٧ لە سەرەتای مانگی ئەیلولەوە بە وەکالەت بەرێوەبەرێك دامەزرێت، بۆ ئەمەش لە خانەدانی کەرکووك محەمەد خان بە نووسراوی مێژووی ٧ رەبیعی یەکەم ١٢٧٨ هەروەها بە ژمارە ١٠ تۆمار کراوە، چۆتە ئەنجوومەنی والا و بە فەرمانی پاشای جەنابی پاشا رەزامەندی دراوە، چۆنیەتی جێبەجێ کردنی کارەکەش بە قائیمقام راگەیەندراوە، داوا لە خەزینەش کراوە هیممەت بکات، بە نەزارەتی دارایی شکۆدار راگەیەندراوە، تا هیممەت بکات لە جێبەجێ کردنی کارەکە. | | |





DH.MKT.01394.00034.001

| 17 ڕەبیعی کۆتایی 1304 | 01394.00034 | **DH.MKT** |
|---|---|---|
| بۆ لایەنی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەتی عالی<br>لـە کاتیبەکانـی قەڵەمـی تەحریراتـی سـانجەقی کەرکـووك محەمـەد نورەددیـن بـەگ ئەرکەکـەی بـە ڕێکوپێکـی ئەنجـام داوە و لێهاتـووی خـۆی سـەلماندووە، وەکـو پاداشـت پلـەی سـێیەمی پـێ دەدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەلایـەن قوماندانـی فرقـەی کەرکـووك جەنابـی عەلـی پاشـا ئامـاژەی پێکـراوە و جەنابـی دەرویـش پاشـاش نـووسراوی تایبـەت کـراوە و ڕاگەیەنـدراوە، بریـار و فەرمـان بدرێـت. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
ML.EEM
103 65

ML.EEM.00103.00065.001


| ML.EEM | 00103.00065 | 17 موحەررەم 1306 |
|---|---|---|
| جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم<br>خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>فەرمانگەی هومایۆنی قەڵەمەکان<br>ژمارە ٤٢٢٦<br>بە عەتەبەی عالیە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، هەروەها لە خودی عالی دەست بەسەر کراوە، نووسراوی ئەم بابەتە لە قۆمیسیۆن راگەیەندراوە، لە پاشکۆی ویلایەتی موسڵ قەزای کەرکووک سەر بە سانجەقی شارەزور زەوی بەناوی تەرجیل بە بەشی ٢٤ بۆ خاوەنە، سەنەدی ١٦ بەشی لەلایەن عالیەوە دەست بەسەرە و بۆ ئەو تەرخان کراوە.<br>سەنەداتی فەرمانبەر | | |



DH.MKT 01763.00042.001

| DH.MKT | 01763.00042 | 6 سەفەر 1308 |
|---|---|---|

جەنابی بە میهرەبانی ئەفەندم
بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە
لەلایــەن کاتیبــی عەرەبــی پێشــووی کەرکــووک محەمــەد ســدیق ئەفەنــدی کــە لــە پلــەی ســێیەم لــە هەڵبژاردراوەکانــی بەرێوەبــەری تەحریراتــە، داواکاری بــەرز کراوەتــەوە داوای بەرێوەبەرایەتــی تەحریراتــی لیوایەکــی ویلایــەت دەکات لەوانــەی بــێ خاوەنــن، تاوەکــو تێــدا دابمەزرێــت، بۆیــە ئەگــەر بەرێوەبــەری تەحریراتــی ســانجەقێك کراوەیــە تێــدا دابمەزرێــت، ئــەم نــووسراوە بــۆ واڵا نێــردراوە، لــە قۆمیســیۆنی هەڵبژاردنــی فەرمانبــەران گفتوگــۆی لەســەر کــراوە، بــە گوێــرەی ئەمــە هیممــەت دەکرێــت لــە جێبەجــێ کردنــی کارەکــە.




DH.MKT 01881.00048.001

| DH.MKT | 01881.00048 | 18 رەبیعی یەکەم 1309 |
|---|---|---|

بۆ نەزارەتی پزیشکی بەهیە

پزیشکایەتی شارەوانی کەرکووکی مەرکەزی سانجەقی شارەزور بێ خاوەنە، مووچەکەشی لە شارەوانی دەدرێت، بۆیە پێویستە بە زووترین کات پزیشکێك رەوان بکرێت، بۆ ئەمەش لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامەی ١٣ ئۆغستۆس ١٣٠٧ بۆ واڵا نێردراوە، لەسەر دووپاتکردنەوە و پەلەکردن، ئەمجارە لە ویلایەتی ناوهاتوو تەلەگرافنامە دەرچووە، هاوپێچ نێردراوە، راگەیەندراوە هەرچی زووە پزیشکێك دابمەزرێت و رەوان بکرێت.




هەواڵنامەی کتێب

| 1310 رەمەزان 29 | 00008.00078 | DH.MKT |
|---|---|---|

بۆ ویلایەتی موسڵی بەهیە

لـە ناحیـەی توزخورماتـوی سـانجەقی کەرکـووك بەڕێوەبەرەکـەی بـە نـاوی سـلێمان نـوری ئەفەنـدی ئەرکەکـەی بەڕێـوە دەبـات، کەچـی مـاوەی ٢ سـاڵ و نیـوە بـۆ بژێـوی ژیانـی خێزانەکـەی ئاقچـەی نەنـاردووە، لەبـەر بارودۆخـی خراپیانـەوە و بـاش کردنـی بارودۆخـی ژیانیـان، دایـك و ئەندامانـی خێزانەکـەی داواکاری پێشـکەش کـراوە، لـە مێـژووی ٢٤ مـارت ١٣٠٩ بـۆ والا ڕەوان کـراوە، ئەمجـارە لەلایـەن دایکـی ناوبـراوەوە هاوپێـچ داواکاری نێـردراوە داوا دەکات ئـەم بـڕە پارەیـەی کـە ڕەوان دەکرێـت بەشـی ژیانـی ئـەوان و دانـەوەی قـەرزی ناوبـراو بـکات، بـە تێڕوانیـن لـە داواکاریەکـە و ئامـاژەی پێشـوو هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.



DH.MKT 00026.00015.001

| DH.MKT | 00026.00020 | 15 شەوال 1310 |
|---|---|---|
| جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت، لایەنی عالی<br>موتەسـەرفی سـانجەقی کەرکـووك عـارف پاشـا لـە ئەرکەکەیـدا کاروبارەکانـی بـە باشـی بەڕێوەبـردووە و هـەردەم لـە خۆبەخشـیدا لـە ئامادەباشـیدایە، بۆیـە شـایەنی ڕێزگرتنـە، لـە پلـەی سـێیەم بـە نیشـانی مەجیـدی بـۆ دووەم بەرز بکرێتـەوە، لـە ویلایەتـی موسـڵ لـە مێـژووی ٢٠ مـارت ١٣٠٩ ژمـارە ٩ لەگـەڵ تۆمـاری زانیـاری پۆسـتە بەیەکـەوە پێشـکەش کـراوە، بـە تێروانیـن لـە ئامـاژەی وێنەکـە لەسـەر ڕەزامەنـدی جەنابـی پەیوەندیدارانی سـەدارەت وەسـتاوە. | | |

